


# دنیای منداڵان

ناوەندی منداڵپارێزیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەری دەکا

٩٣

١٥ی ڕەشەمەی ١٣٨٨

٦ی مارسی ٢٠١٠


## وتەی ئەمجارەمان:

ڕۆژی٢١ی فێوریە (٢ڕەشەمە) لە لایەن یونسکۆوە بە ڕۆژی جیهانیی زمانی زگماک دیاری کراوە. خوێنەرانی خۆشەویستی دنیای منداڵان! هۆی ناو نرانی ئەو ڕۆژە دەگەڕێتەوە بۆ ڕووداوێک کە لە ٢١ی فوریەی ساڵی ١٩٥٢ لە وڵاتی بەنگلادێش ڕوی دا. ئەو کات بەنگلادێش بەشێک بووو لە وڵاتی پاکستان، وڵاتی پاکستانیش وەکو وڵاتی ئێران لە چەند نەتەوەی جیا جیا پێک هاتبوو، بەڵام حکومەتی دیکتاتوریی پاکستان زمانی ئۆردووی بە زمانی ڕەسمیی وڵات داناو ڕێگەی نەدەدا کە لە قوتابخانەکان دا

بە هیچ زمانێکی دیکە دەرس بخوێندرێ. ئەم کارە دژێوەی حکوومەتی پاکستان بوو بە هۆی ئەوەی کە خوێندکارانی بەنگالی نارەزایەتی دەربڕبڕن و بۆ ئەم مەبەستەش خۆپیشاندانێکی هێمنانەیان وەڕێ خست. بەڵام حکوومەتی پاکستان بە دڕندانەترین شێوە هێرشی کردە سەر خۆپیشاندەران و بەشێکی لێ کوشتن و بەشێکی لێ بریندارو ڕاپێچی بەندیخانە کردن.

کوژراوەکانی ئەو ڕۆژە لە لایەن خەڵکی بەنگلادێشەوە بە شەهید ناسران و هەر ئەو ڕووداوەش بوو بە هۆی جیا بوونەوەی بەنگلادێش لە پاکستان. لە ساڵی ١٩٥٢ بەو لاوە هەموو ساڵێک وڵاتانی ئامریکا، ئینگلیس، کاناداو هیند یادی ئەو ڕۆژەیان کردەوەو ڕێزیان لە شەهیدانی ئەو ڕۆژە گرت، تا سەرئەنجام یەک ساڵ لەوە پێش لە لایەن ڕێکخراوی فەرهەنگیی نەتەوە یەکگرتووەکان (یونسکۆ) ئەو ڕۆژە وەک ڕۆژی جیهانیی زمانی زگماک دیاری کراو، ئێستاش ساڵانە زیاتر لە ٢٠٠ وڵاتی جیهان یادی ئەو ڕۆژە دەکەنەوەو ڕێزی لێ دەگرن.

منداڵە چاو گەشەکان! ئێوە دەزانن لە وڵاتی ئێمەش منداڵان و لاوانی کورد ناتوانن بە زمانی شیرینی کوردی بخوێنن، لە بەر ئەوەی لە وڵاتی ئێمەش دا حکوومەتێکی دیکتاتۆر بە ناوی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەسەڵاتی بە دەستەوەیە کە ڕێگە نادات جگە لە زمانی فارسی بە هیچ زمانێکی دیکە لە قوتابخانەکان دەرس بخوێندرێت. ئەوە لە کاتێک دایە کە یەکێک لە خاڵەکانی جاڕنامەی مافی منداڵان مافی خوێندن و نووسینی منداڵان بە زمانی زگماکی یە. هەروەها لە مادەی ١٥ یاسای بنەڕەتیی ئێران دا هاتوە: "کەڵکوەرگرتن لە زمانە خۆجێیی و قەومییەکان لە چاپەمەنی و ڕاگەیەنە گشتییەکان و خوێندنی ئەدەبیاتی ئەوان لە قوتابخانەکان لە تەنیشت زمانی فارسی دا ئازادە." بەڵام ئەوە ٣١ ساڵ بە سەر تەمەنی پەسند کردنی یاسای بنەڕەتیی ئێران دا تێپەڕدەبێت کە چی تا ئێستا لە هیچ شوێنێکی ئێران دا ئەو یاسایە کاری پێ نەکراوە.

ئێمە ستافی دنیای منداڵان وێڕای پیرۆز بایی بە بۆنەی ئەم ڕۆژە مێژوویە، ئاواتە خوازین کە منداڵانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش هاوکات لە گەڵ هەموو منداڵانی جیهان دا بتوانن لە قوتابخانەکان بە زمانی شیرینی کوردی دەرس بخوێنن و زمانی کوردییش لە وڵاتەکەمان دا بە ڕەسمی بناسرێ و کاری پێ بکرێت.






ئازیزانی دنیای منداڵان!

ئەو جارەیان دەمانەوێ باسی کەسایەتییەکی دیاری کوردتان بۆ بکەین کە زۆر لە مێژ نیە ماڵاوایی لە ژیان و نیشتمانەکەی کردوە.

دەمانەوێ باسی "ماموستا حەسەن سەلاح سۆران"تان بۆ بکەین کە هەم شاعیر بوو، هەم نووسەر و هەم وەرگێڕێکی بەتوانا.

حەسەن سەلاح سۆران، لە ١٣٢٠ی هەتاوی لە ئاوایی ساروقامیش، لە ناوچەی بۆکان، لەدایک بووە. بابی لە بنەماڵەی بوداق سوڵتان (لە فەرمانڕەوایانی موکری) و دایکی لە بنەماڵەی ئەردەلانە کە بنەماڵەی ئەردەلانیش چەند سەدە فەرمانڕەوای کوردستانی گەورە بوون.

حەسەن سەلاح سۆران قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی لە بۆکان تەواو کردووە دواتر لە وڵاتی بەریتانیا زمانی ئینگلیزیی خوێندووە چەندین کتێبی سەبارەت بە کورد، زمانی کوردی و شێعرو پەخشان بە چاپ گەیاندووە کۆمەڵێک کتێبی چاپ نەکراویشی لە پاش بەجێ ماوە.

ماموستا حەسەن سەلاح سۆران نزیکەی ٢٠ کتێبی بە زمانەکانی کوردی، فارسی، ئینگلیزی و ئەڵمانی نووسیوەو ئەزموونی ٤٠ ساڵ وەرگێڕان لە زمانەکانی کوردی، ئینگلیزی، فەرەنسی، ئەڵمانی و رووسیی هەبوو.

بەشێک لە بەرهەمەکانی ماموستا حەسەن سەلاح سۆران بریتین لە:

١ــ شەجەرەی بنەماڵەی بەگزادە، دیوانی سۆران ، ئەشکەنجە و کوشتاری بنەماڵەیەکی کورد، هۆنراوەو پەخشان، کەلماجاڕ (کۆمەڵە هۆنراوە)، زمان و ئەدەب (باسی زمان و ئەدەبی کوردی)، داری مازوو (باسی هەمە رەنگی زمان و ئەدەب بە زاراوەگەلی سۆرانی، هەورامی، کەلهوری، کانیی سارد (پەخشان) لە تاران چاپ کراوە، یاسای هەتاو (رۆمان) بەیان (کۆمەڵە هۆنراوە)، فەیزوڵڵا بەگییەکانی بۆکان (بە زمانی ئەڵمانی) ، فەرهەنگی فارسی ـ کوردی.

ماموستا حەسەن سەلاح سۆران لە ساڵەکانی ئەو دواییانەدا لە زانکۆکانی تاران و هەروەها ناوەندی کۆڕی کوردەکانی تاران دەرسی زمان و ئەدەبیاتی کوردی دەگوتەوە.

ماموستا حەسەن سەلاح سۆران شاعیرێکی بە هەڵوێست بوو کە لە شێعرەکانی دا بیری نەتەوەیی و نیشتمانپەروەریی بڵاو دەکردەوە.

دڵی گەورەی ئەو کەسایەتییە ناودارەی کورد رۆژی ٢٥ی خەرمانانی ساڵی ١٣٨٨و لە تەمەنی ٨٦ ساڵی دا لە لێدان کەوت.

تەرمی ماموستا حەسەن سەلاح سۆران لە شاری بۆکان بە خاک سپێردرا.

نیان ـ ب

# هەرگیز زوو بڕیار نادەم

ژنێک لە فرۆکەخانەکەدا چاوەڕوانی فڕینی تەیارەکە بوو، چەند کاتژمێرێکی مابوو بۆ فڕین، بۆیە بڕیاری دا بۆ بەسەر بردنی ئەو کاتە کتێبێک بکڕێت. بسکویتێکیشی کڕیو لەسەر کورسییەک دانیشتو بە هێمنی دەستی بە خوێندنەوە کرد. پیاوێک لە تەنیشتییەوە دانیشتبوو رۆژنامەی دەخوێندەوە.

ژنەکە بیسکویتێکی خواردو بۆی دەرکەوت ئەو پیاوەی تەنیشتیشی بسکویتێکی خوارد. ژنەکە زۆر تووڕە بووو هیچی نەگوت. فکری کردەوەو وتی باشترە ناڕەحەت نەبم رەنگە بە هەڵە بسکویتەکەی منی هەڵگرتبێت. بەڵام ئەوە دووبارە بۆوە هەر کە ژنەکە بسکویتێکی هەڵدەگرتو دەیخوارد، پیاوەکەش بسکویتێکی دەردەهێناو دەیخوارد.

ژنەکە زۆر تووڕە بوو، تا وای لێهات یەک بسکویت مایەوە.

ژنەکە وتی بزانم ئەوجار چی دەکات. پاش کەمێکی تر پیاوەکە بسکویتەکەی لەت کردو لەتەکەی تریشی هێشتەوە. ژنەکە پێی وابوو ئەوە زۆر ڕوودارانەیە.

لەهەمان کات دا گوێی لە بڵندگۆکە بوو و ئاگادار کران کە کاتی سوار بوونی فرۆکەکەیە. کتێبەکەی پێکداداو کەلوپەلەکانی کۆکردەوەو بە مۆڕەیەکەوە چاوێکی لە پیاوەکە کرد.

لە فرۆکەکەدا بووو دەستی خستە ناو جانتاکەیەوە بۆ ئەوەی چاویلکەکەی لە جانتاکەی بخات. لەناکاو بینی بسکویتەکەی خۆی بە هەڵنەپچڕاوی لە جانتاکەی دایە.

زۆر شەرمەزار بوو. ڕقی لە خۆی دەبۆوە.

لەبیری چوو بوو کە بسکویتەکەی لە جانتاکەی خستووە. پیاوەکە بسکویتەکەی خۆی لەنێوانیان دا دابەش کرد بوو بێ ئەوەی تووڕەو ناڕەحەت بێت. لە کاتێک دا ئەو خۆی ناڕەحەت کردبوو پێی وابوو پیاوەکە لە بسکویتەکەی ئەو دەخوا.

لەبیرمان بێت کە چوار شت هەن کە ئەگەر لەدەستمان دان هەرگیز ناتوانین بەدەستیان بهێنینەوە:

بەرد لەدوای هاویشتنی.

قسەیەک پاش دەربڕینی.

هەلی گونجاو پاش کۆتایی هاتنی.

هەروەها کات پاش تێپەڕینی.

هانا وریا

# قسەی خۆش بۆ پێکەنین



یەکەم: راستە ئەڵێن گێزەر چاو بە هێز ئەکات؟

دووەم: بەڵێ هیچ گومانی تێدا نییە، بەڵگەشم ئەوەیە قەت دیوتە کەروێشک چاویلکە لە چاو بکات چونکە گێزەر ئەخوات.

***

منداڵ: نەنە! دەتوانیت گوێز بشکێنیت؟

نەنە: نەوەڵڵا کورم کوا ددانم ماوە.

منداڵ: دەباشە کە وایە تا دێمەوە ئاگات لەم گوێزانەم بێت.

منداڵ: دایکە! راستە ئەڵێن خوا رزق و رۆزی ئەدات؟

دایک: بێگومان راستە.

منداڵ: ئەی کە وایە باوکمان بۆ چییە.

***

مامۆستایەک لە قوتابییەک دەپرسێت: موگناتیس بۆ چی بە کار دێت؟

قوتابی: مامۆستا کاتێک کە تۆ چاوت ئێشا بیخە ناو ئاوێک چاک دەبیتەوە.

ئا: گلارە ئوستاد رەحمانی

# منالێکی



ئالان قادری

منـــالێکـــی بـــە بـیرم    وریـــاو بە هەستەو ژیرم

پەروەردەی شاخ و هەردم    بـــۆ دوژمـن داخ و دەردم

دەســتەچـیلەی خـەباتم    مـــەشخەڵی رێی نـــەجاتم

مۆمـی شـەوی چەتوونم    هیـــوای دوارۆژی روونـــم

سرووی فـێنکی بـەیانم    مـــەلی بـــاخـــی ژیـــانم

بۆ کـوردستان دەخـوێنم    مـــژدەی ئـــازادی دێـــنم

خوێنەرانی ئازیزی دنیای منداڵان و ئـالان قـادریی خۆشەویسـت! بمان بوورن کە ئەم شێعرە لـە ژمـارەی پێشـوودا وەک خـۆی بـڵاو نەبۆوە، ئەمجارە وەک خۆی دامان ناوەتەوە.



**بابەت و وێنەی ئەم ئازیزانەشمان بە دەست گەیشتوە:**

رێـژین و رێـژوان شـەفیعی، رۆنیکـاو نیکا مەعزوری، هیوا وریا، خانی سـۆفی، بـرِوا ئەبووبـەکر، کـاروخ وەکیلـی، بەهەشت عەلی، ئاریا عەزیزی و گرینگ چێهرەگوشـا. بابـەت و وێنـەکانتان بـە دەسـتمان گەیشـتوە، لـە ژمارەکـانی داهـاتوودا بـە پێـی پێویسـت بڵاویـان دەکەینەوە.



ناوەندی منداڵپارێزی رۆژهەڵاتی کوردستان دەری دەکا.

www.Kurdistanukurd.com

سەرنووسەر: عوسمان بێورانی* دەستەی نووسەران: هانا وریا، ناسح خاکی ، تریفە سادقی*

مۆنتاژو دیزاین: مینا سوڵتانزادە

mndalanykurd@yahoo.com

دنیای منداڵان

# هەڵوێستێکی بە پەلە



دەگێڕنەوە لە گوندێکی دوورە شار دایک و باوکێک دەژیان و کاری باغەوانییان دەکرد. ڕۆژێک بەیانی کاتی کار کردنیان هاتبوو بەڵام منداڵە ساواکەیان لە لانک دابوو و لە خەو هەڵنەستابوو. ئەوانیش دڵیان نەهات هەڵیستێنن گوتیان هەتا دەچین لە ناو باغ هێندێک کار دەکەین ئەویش تێر خەو دەبێت و پاشان دێینەوە چایێک دەخۆینەوە و ئەویش لەگەڵ خۆمان دەبەین. ڕۆییشتن دوای سەعات و نیوێک گەڕانەوە کە گەیشتنە ناو حەوشی ماڵەوە دیتیان سەگەکەیان دەم و لەوسی خوێناوییە و لە ژوورەوە دێتە دەرێ، بە کلکەسووتە بەرەو خاوەنەکانی هات. هاواریان کرد و بە سەر سەگەکەدا قیژاندیان گوتیان ئەوە ئەم سەگە منداڵەکەیانی خواردوە. بە پەلە هەڵیان کوتایە سەر سەگەکەو بە دار و تێلا و بیور کوشتیان. جا ئەمجارە بە گریان و شیوەن چوونەوە ژووری ، بەلام ، بەلام چییان دیت !

دیتیان لە ژوورەوە لاشەی گورگێکی خنکێندراو لە گۆڕێ کەوتوە و منداڵەکەش هیچی لێ نەهاتوە و هێشتا لە خەویش هەڵنەستاوە ، ئەو دایک و باوکە بۆیان دەرکەوت هەڵوێستی بەپەلەیان گرتوە ، ئاشکرابوو کە ئەو گورگە ویستوویەتی منداڵەکە بخوات بەڵام سەگەکە بە هانای منداڵەکە گەیشتوە و وێڕای پاراستنی منداڵەکە گورگەکەشی خنکاندوە .

دایک و باوکەکە زۆر لە کردەوەی خۆیان پەشیمان ببوونەوە ، دیتیان لە ئاکامی هەڵوێستی بە پەلە سەگە بیچارە و وەفادارەکەیان کوشتوە، تازەش هیچیان بۆ نەدەکرا.

هیوادارم ئێوەش لە ژیانتان دا هیچ کات هەڵوێستی بە پەلە نەگرن کە پەشیمانیی بە دوا دا بکێشن.

منداڵی دوێنێ

---

هاوڕێ خۆشەویستەکانم!

منداڵەکان!

چەندە خۆشە کاتێک شەوانە، گڵۆپەکان پێ دەکەین و بە چرکەیەک هەموو دەوروبەرمان و پێش چاومان ڕووناک دەبێتەوە. چەندە خۆشە لەبەر ڕووناکایی گڵۆپەکان دەرس دەخوێنین و ئیتر چاومان کز نابێت. ئاخر دایە گەورە دەڵێت: من بۆیە چاوەکانم کز بوونە، چونکە ئەو کاتی من منداڵ بووم، کارەبا نەبوو، لە بەر تیشکی چرایەکی نەوتی، کتێبم دەخوێندەوە. هاوینان لە گەرمان خەومان لێ نەدەکەوت، تەپۆ کەوڵی دەکردین. ئەوکات وەکوو ئێستا نە تەلەڤزیۆن هەبوو نە تەلەفۆن و نە کۆمپیوتەر. شەوانە کەس بەر پێی خۆی نەدەبینی. بەڵام ئێستا ئەو کارەبایە زۆر زۆر باشە.

ئەدی منداڵەکان! ئەمن نەنکم فێری کردووم کارەبا بە لامەوە گرینگ بێت. ئەو دەڵێ کارەبا نیعمەتە. نەنکم هەموو جارێ کە نوێژ دەکا، دوعا بۆ ئەو کەسە دەکات کە کارەبای درووست کردوە. نەنە دەڵێ ئەو ناوی (ئەدیسۆن)ـە.

وەڵلاهی نەنەم ڕاست دەکا، دەزانن ئەگەر کارەبا نەبێت، چ دەقەومێت؟

ئەگەر کارەبا نەبێت:

١ـ ئێمە ناتوانین سەیری کارتۆن بکەین.

٢ـــ لە تاریکاییدا ناتوانین



دەرسەکانمان بخوێنین.

٣ـــ زستانان ئاوی گەرممان نابێت بۆ ئەوەی بەیانیان دەم و چاومان بشۆین.

٤ـ هاوینان لە بەر گەرما خەومان لێ ناکەوێت و تەپۆ پێمانەوە دەدات.

٥ـ ماڵەکانمان شەوانە ڕووناکایی نابێت.

بۆیە دەبێ ئێمە منداڵەکان: زۆر زۆر ئاگامان لە کارەبا بێت. بە دایە و بابە بڵێین گڵۆپی زیادی پێ نەکەن. گڵۆپە زیادییەکان بکوژێننەوە.

با ئەوەیشمان لەبیر نەچێت، ئێمە نابێ دەست لە وایەری کارەبا بدەین، بەتایبەتی ئەگەر وایەرێک ڕووت بوو چونکە زۆر زۆر مەترسیدارە. کارەبا کاتێک لە وایەرەکان دایە، بەچاو نابینرێت، بۆیە نابێت لە وایەری کارەبا نزیک ببینەوە. نەکا کارەبا بمانگرێت.

دیسان ئێمە منداڵەکان لەبیرمان ناچێت، بە دایە و بابە دەڵێین گڵۆپی ئەو هۆدەیە بکووژێننەوە کە لێی دانانیشین، ئەگینا کارەبا بەشی هەموو خەڵکی شارەکەمان ناکات و ئەگەر کارەبایش نەبێت، هەموو شتێکمان لێ تێک دەچێت.

ڕەسووڵ سوڵتانی

# بەسەرهاتی دوو هاوڕێ



دوو هاوڕێ لەسەر جاددەیەک پێکەوە پیاسەیان دەکرد کە لە پڕڕا ورچێکی گەورە بۆیان هات و بە دوایان دا هەڵات. لە قەراغی جاددەکە دارێکی گەورەی لێ بوو. یەکێک لەو دوو پیاوە هەڵات و چووە سەر دارەکە و ورچەکە نەی توانی بیگرێ. بەڵام پیاوەکە دیسانیش هەر دەترسا.

پیاوەکەی دیکە کە مەجالی نەبوو هەڵێ بۆ لای دارەکە بێ دەنگ لەسەر زەوی راکشا و چاوی بەست.

ورچەکە لێی نزیک بۆوەو بۆنی پێوە کرد. بەڵام پیاوە هەناسەی نەدەهات. ورچەکە تەکانی دەداو لووت و دەمی بە دەموچاوی پیاوەکەوە دەنا. بەڵام پیاوەکە هەروا بێ جووڵە بوو و تەکانی نەدەخوارد.



عاقیبەت ورچەکە رۆیشت. دواتر پیاوەکە هەستاو چوو بۆ لای هاوڕێکەی کە لەسەر دارەکە بوو، هاواری کرد ورچەکە رۆیشت وەرە خوارێ.

پیاوەکە لەسەر دارەکە هاتە خوارێ و بە پێکەنینەوە لە هاوڕێکەی پرسی کاتێک ورچەکە دەمی بۆ لای گوێت هێنا چی پێ گوتی؟

هاوڕێکەی لە جواب دا گوتی: ورچەکە گوتی ئەو پیاوەی کە هەڵات و چووە سەر دارەکە هەوڵی نەدا یارمەتی تۆ بدا. هاوڕێیەکی باش نییە بۆ تۆ!.

ئا: دایکی نارین

# بەسەرهاتی دوو هاوڕێ

١ـ لە نێو دارستان ڕۆژێکی جوانی هەتاوی بوو. دەنگێك لە سەر دارەکە دێ دەبێ چی بووبێ؟



٢ـ کاکی کوند ماڵەکەی دەگوازێتەوەو دەچێتە ماڵە تازەکەیەوە و خەریکی کردنەوەی کەل و پەلەکانی بوو.

کاکی کوند بیری لەوە دەکردەوە کە لوولەی کوورەکەی لە کوێ داناوە؟




٣ـ کاکی کوند کەل و پەلەکانی لە نێو سندوق هێنا دەرێ و لە سەر جێی خۆی دانان.



٤ـ ئەو رۆژی خاتوو ژیشك بە لای ئەو دارەدا تێپەڕی، زۆری گەرما بوو. لەبەر خۆیەوە گوتی: بریا شتێکم هەبا کە منی لەو گەرمایە رزگار کردبا، لەپڕڕا گوێی لە دەنگێك بوو کاتێك کە گەڕایەوە، زۆر خۆشحاڵ بوو و بیری کردەوە کە زۆر بەختەوەرە کە داری ئاواتی دیوەتەوە. دەبێ برۆم ئەو هەواڵە بە رێوی بدەم.



٥ـ خاتوو ژیشك لەگەڵ رێوی گەڕانەوە.

رێوی گوتی: لەوە ناچێ کە ئەوە داری ئاوات بێ.

ژیشك گوتی: بەڵام ئەوە داری ئاواتە، زووکە ئاواتێك بخوازە. رێوی گوتی: بەڵام من چ شتێك بە ئاوات بخوازم؟



٦ـ رێوی بیری لەوە کردەوە کە چ شتێك بە ئاوات بخوازێ؟

لیوانێکی گەورە شیرقاوە، یا جووتێك کەوشی تازە بۆ سەما کردن، یان ماشێنێکی سووری گەورە؟



رێوی گوتی: زانیم جووتێك کەوشی تازە بۆ سەما.

چەند خولەك گوزەرا بەڵام هیچ شتێك رووی نەدا.

رێوی گوتی: دیتت، ئەوە داری ئاوات نییە.

و: مینا سوڵتانزادە

# ئایا دەزانن؟



ئایا دەزانن؟ تەنیا خوراکێک کە بە سەر ناچێت هەنگوینە.



ئایا دەزانن؟ فیل تەنیا ئاژەڵێکە کە ناتوانێت باز بدات.



ئایادەزانن؟ نینۆکەکانی دەست چوار بەرابەری نینۆکەکانی لاق خێراتر زیاد دەکات.

ئایادەزانن؟ وشەی "کانادا" لە زمانی سورپێستەکان دا بە مانای گوندێکی گەورە بوو.



ئایادەزانن؟ مێشکی مرۆڤ لە کاتی خەودا زۆر چالاکترە لەو کاتەی کە مرۆڤ چاو لە تەلەڤزیۆن دەکات.

ئایادەزانن؟ تاڤگەی ئانجل لە ڤێنزۆیلا ٢٠ بەرابەری تاڤگەی نیاگارایە.

ئا: بێژان مەعرووفی

---

## مەتەڵەکانی ئەمجارەمان

مەتەڵی ئەم جارەمان

گیاندارەو گیانی نییە، بۆت ئەدوێ‌و زمانی نییە.

هەتاشان‌و مەتەشان، جێگەی هەژارو پاشان؟

ئەو رووبارەی ئاوی تێدا نییە لە کوێیە؟

خۆشکی پوورتەو پوورت نییە؟

کلکی مەقەستەو سەری مارە، سکی بەرخەو پشتی کارە؟

ئا: چاوان رەسوڵ



وەڵام و خەڵات



وەڵامی مەتەڵەکانی ژمارە ١٩

رێواس، هەور، بەفر، ترافیک لایت

ئەم ئازیزانەش براوەی ئەم جارەمانن:

ئارام خوسرەوی، هەتاو ناسری

# نان خواردنی بەیانیان

منداڵە خۆشەویستەکان! دەزانن نان نەخواردنی بەیانیان هەڵەیەکی زۆر گەورەیە. چونکە خواردنێکی باشی بەیانیان نە تەنیا دەبێتە هۆی چوونە سەری وزەو کرانەوەی بیرو زەین، بەڵکوو دەبێتە هۆی ئەوە کە لە ژەمەکانی دیکەش دا بە رادەی پێویست بخۆن، یانی کالۆرییەکی کەمتر مەسرەف بکەن.





کە واتە منداڵە ئازیزەکان! کاتێک بەیانیان لە خەو هەڵدەستن و پاش دەم و چاو شوشتن، حەتمەن لە بیرتان نەچێت نانەکەتان بخۆن و جا ئەو کات بچنە قوتابخانە. لێکۆڵینەوەکان دەریان خستوە ئەو منداڵانەی کە ناشتایەکی باش دەخۆن لە چاو ئەوانەی کە ناشتا ناخۆن هەمیشە زیرەکترو ئازاتریشن و مێشکیان باش کار دەکاو یارمەتییان پێ دەکا باش بیر بکەنەوە لە دەرس و خولەکانیان وەدوا نەکەون.

دیارە ناشتا خواردن نە تەنیا بۆ منداڵان، بەڵکوو بۆ هەر مرۆڤێک زۆر بە قازانجە، تەنانەت ئەوانەش کە دەیانەوێ خۆیان کز بکەن پێویستە نانی بەیانیان لە بیر نەچێت بۆ ئەوەی لە ژەمەکانی دیکەدا کەمتر بخۆن. بەڵام بۆ منداڵان کە تەواوی ئەندامەکانی لەشیان لە حاڵی گەشە کردن دایە زۆر بە قازانجترە.

ن: سید جەلال ساڵح

# بە دڵی خۆت ڕەنگیان بکە







# باخچەی سەوزەو میوەکان

لە باخێکی گەورەدا کە پڕ بوو لە سەوزەو میوەی جۆراوجۆر، هەموو ڕۆژێک سەوزەو میوەکان لە نێوان خۆیاندا گفتوگۆیان دەکرد کە کامەیان بە سوودترن بۆ مرۆڤ. باخی میوەکان دەیانگوت ئێمە بە سوودترین بۆ مرۆڤو باخی سەوزەکانیش دەیانگوت نەخێر ئێمە بە سوودترین بۆ مرۆڤ. لە باخی میوەکان شووتییەک پەیدا بوو هەموویانی کۆ کردەوەو گوتی: وەرن با هەموومان باسی خۆمان بکەین ئەو کات بڕیار دەدەین کە کام لامان بە سوودترین بۆ مرۆڤ. لە باخی سەوزە تەماتە وەڵامی شووتیی دایەوەو گوتی:ئەمە کارێکی زۆر باشە، دەی با لە خۆمەوە دەست پێ بکەم: من کە ناوم تەماتەیە ڕەنگم سوورەو خنجیلانەم وخڕم لە گەڵ زۆربەی خواردنەکان دا بە کار دەهێنرێمو دەخورێم، بۆ لەشی مرۆڤ زۆر بە سوودم، چونکە ڤیتامین سی و ئاسنم تێدایە. دەی نۆرەی تۆیە پەتاتە بزانین تۆ چیت پێیە؟

پەتاتە: من کە ناوم پەتاتەیە بە کوڵاوی و سوورکراوەیی دەخورێمو زۆریش بە سوودم، چونکە ڤیتامین سی و پرۆتئینم تێدایە.

لیمۆ: من ناوم لیمۆیە ڕەنگم زەردە یا سەوزە. بچکۆلانەم بەڵام لە گەڵ ئەوەش دا نۆ جۆرە ڤیتامینم تێدایە. ئاسنو پرۆتئینو سۆدیۆمو مەگنسیۆمو کاربۆهیدراتیشم تێدایە.







کاهوو: من ناوم کاهوویە ڕەنگم سەوزەو هەر لە سەردەمانێکی زووەوە بە کار دەهێنرێم، پۆتاسیۆمو کالسیۆمو ڤیتامین ئەیو ئاسنو فۆسفۆریشم تێدایە.

گێزەر: من ناوم گێزەرەو ڕەنگم پرتەقاڵییە، زۆربەی ڤیتامینەکانو ئاسنو مەنگەنێزو پۆتاسیۆمو فۆسفۆرو سۆدیۆمو کاربۆهیدراتیشم تێدایە.

کەرەوز: منیش ناوم کەرەوزەو ڕەنگم سەوزە، بۆ گەدەو ڕیخۆڵە زۆر بە سوودم. کالسیۆمو سۆدیۆمو مەگنسیۆمو ئاسن و کاربۆهیدراتیشم تێدایە.

پاشان تەماتە بە میوەکانی گوت: گوێتان لێ بوو ئێمە چەند بە سوودین دەی ئێوەش باسی خۆتان بکەن بزانین کام مان بە سوودترین. شووتییش وەڵامی دایەوەو گوتی: دەی باشە کە واتە با لە خۆمەوە دەست پێ بکەم من کە ناوم شووتییە: ڕەنگی دەرەوەم زەردەو ناوەوەم سوورە. لە گەرمای هاوین دا زۆر دەخورێمو بۆ گورچیلەکان زۆر بە سوودمو شیرینیەکی سروشتیم هەیە، ڤیتامین ئەیو سیو فۆسفۆرو سۆدیۆمو پۆتاسیۆمم تێدایە.

کاڵەک: من ناوم کاڵەکەو ڤیتامین ئەیو سیو ئیو کاو لیتیۆمو ئاسنو پرۆتئینم تێدایەو شەکرەم سروشتیەو شیرینم.

مۆز: من ناوم مۆزەو ڕەنگم زەردەو زۆربەی ڤیتامینەکانو پرۆتئینو فۆسفۆرو پۆتاسیۆمو کاربۆهیدراتو مەگنسیۆمم تێدایە. پرتەقاڵ: من ناوم پرتەقاڵەو ڕەنگم نارنجی یەو زۆر بە تامم، دەکرێم بە شەربەتیش، ڤیتامین سیو کالسیۆمو یۆدو ئاسنیشم تێدایە.

سێو: من ناوم سێوە ڕەنگم زەرد یا سوور یا سەوزەو کاربۆهیدراتو ئاسنو فۆسفۆرو پرۆتئینو ڤیتامینم تێدایە، بۆ ددانو گەدەو ڕیخۆڵەکانیش زۆر بە سوودم.

تری: من ناوم تری یەو ڕەنگم ڕەش یا سەوزە، ڤیتامین بیو ئیو پرۆتئینو مادەی ئاسنو کالسیۆمم تێدایە.

پاشان شووتیو تەماتە گوتیان: ئێمەی سەوزەو میوەکان هەر یەکەو سوودی خۆمان هەیە بۆ مرۆڤ کە واتە هەمووومان بە سوودینو بایەخمان زۆرە.

ناردنی: بێژان مەعروفی

سەرچاوە گۆڤاری مشکە

## سەر چاککردنی مەلا نەسرەدین




کابرایەك لە مەلا نەسرەدینی پرسی دەزانی شەڕ چۆن دەست پێ دەکات؟

مەلاش زللەیەکی لە بن گوێی راکێشاو وتی ئا بەم جۆرە.

***

رۆژێ مەلا نەسرەدین دەستی منداڵێکی گرتو بردیە سەرتاشخانەو بە سەرتاشەکەی گوت: من بە پەلەم لە پێش دا سەری من چاك کەو دواییش سەری ئەم منداڵە چاك بکە،

کابرا سەری مەلای چاك کردو مەلاش کڵاوەکەی لە سەر ناو وتی: تا دێمەوە سەری منداڵەکەش چاك بکە، کابرا سەری منداڵەکەشی چاك کرد کە چی مەلا نەهاتەوە.

کابرا بە منداڵەکەی گوت: بۆ چی بابت نەهاتەوە؟ منداڵەکەش گوتی: ئەوە بابم نەبوو.

کابرا وتی ئەی کێ بوو؟ منداڵەکە وتی ئەوە پیاوێك بوو لە کۆڵان بە منی وت وەرە با هەردووکمان پێکەوە برۆین بە خۆرایی سەرمان چاك بکەین.

## کۆتر

کۆترەکەم شۆخو شەنگە
دژی ئاژاوەو جەنگە

کاتێک کە باڵ دەگرێ
مرۆڤ بەرەو خیاڵ دەفرێ

نەقلەی جوانی لە ئاسمان
بۆ مرۆڤە دەرسی ژیان

کاتێك جوجکە هەڵدێنێ
چاوانی خەو نابینێ

دایم دانو ئاو دێنێ
تا بێچووی پێ بگەیەنێ

زانکۆ خاکی



## جیاوازییەکانی نێوان ئەم دوو وێنەیە بپیێنەوە!



# وێنەو نەقاشییەکانتان لە دنیای منداڵان دا



سارێژ سەممار



رۆژیار سەردار



نیان بداغی



ژیار بەهرامی



ئاڵا محەممەد



رۆژان و رێبین



شیاو سەردار



ئەوین حەسەن زادە



ژیکارو رێکار



ئارمان و پێشەوا



بانە عەزیزی



سنوور رەحیمی



وەزین کەسرایی



نارین مەحموودی



ئاراد عەلیخانی



ئاونگ ئوستادرەحمانی



تروسکە کەریمی



فەریک حوسێن



فێنک حوسێن



گرشۆ چێهرەگوشا




بەڵێن جەناغی



تەرزە کەریمی



هاوون مەعروفی